کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 21:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەستووره نەنووسراوەکانی خێڵ بسووتێنن ... ڕووناک شوانی

من ئافرێنەری ژیانم، هەر خۆم خاک و باخچە و باخەوانم. من نیوەی تۆ نیم و نابم، نە تۆ ئاغا و نە من کۆیلەم، نە کالای بازاڕی تۆم و نە بەشێکم لە سەروەتت، نە یاسات، نە شمشێر و بەردت ڕێی ژیانم لێ ون ناکەن، ئاخر مێژووی من پڕ لە ئەشق و ئاشتییە. چاوێک بە مێژووی خۆتدا بخشێنە هەموو وێرانییەکانی دنیا سەروەری تۆن، لەوەتەی هەیت سەرۆکێکی دیکتاتۆر و داگیرکەر و کاولکاریت. چۆنت بوێ نەخشەی دونیا دائەڕێژی، چەند دڕندەیت، بە ناوی فەتح و غەزاوە گۆشەیەک نەما خەڵتانی خوێنی نەکەیت. تەماشای کتێبە پیرۆزەکان بکە هەمووی داهێنانی هزری تاریکی تۆن ... کام پەیامی پێیە لە مەرگ و وێرانی زیاتر. هەڕەشەی دۆزەخ ئەکەی؟؟ خۆ وا دنیات کردووە بە دۆزەخ بوونەوەرەکان بە زیندوویی ئەسووتێنی.

من ژنم، ژن مانای ژیانە، سۆز و عەشقم وەسە دەریا، ئارامی و تووڕەییشی هەیە. دەریا نەبێ ماسی لە کوێ ژیانی هەس، من هاوڕێ و هاوخەمی تۆم و دڵم پڕ لە سۆز و ئەشقە، گەر من نەبم تۆ وەیلانی.

لە پاش مەرگی دوعای هاوڕێم چیتر باوەڕ بە ئیدیعاکانت ناکەم، کەی مرۆڤ لەو هەریمە ئاسۆ تەنگەی تۆدا بەهای هەیە؟؟ بیر و بەها بە یەکەوە دڕندانە هەر وەک دوعا سەنگسار ئەکەی، بەناوی داب و نەریت و دەستوورەوە گەورە و بچووک کۆیلە ئەکەی. قەڵەمی ئازادیش نەما تیرۆری نەکەی، نەبا ڕۆژیک ڕم ئاسا دڵی شەوی تاریکی هەرێم شەقار بکا ت.

هاوڕێیانم لە وڵاتی دوعا ونێرگز، یاخی ببن، شمشێر بە دەستانی خێڵ ڕیسوا بکەن، جەستەی لە خوێن گەوزاوی دوعا لە بیر نەکەن!!! ئەمڕۆ دوعا و سبەینێ ئیمە، نەهێڵن حیجابی ئەقڵ و جەستەتان بکەن، وەرنە مەیدان، یاسا دژە مرۆییەکانیان پێشێل بکەن، ئەو گڕەی لە جەستەی نازداری خۆتانی بەرئەدەن یاسا ڕزیوەکانیانی پێ بسووتێنن، پەپوولە بێنازەکانی ئەو دەڤەرە بێ دڵە لەو تاساوییە دەربهێنن. هەموو ڕۆژیکی نیشتمان بکەن بە ڕۆژێک بۆ ئەشق.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.